# کورد و جیهانی "نارۆژئاوایی"

22-02-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** یەکێك لە دیارترین باسەکانی ئەمساڵی کۆنفرانسی ئاسایش لە میونیخ، سەردەمی "نارۆژئاوا"یيە لە سیاسەتی جیهانیدا. هەرچەندە باسەکانی تایبەت بە کەمبوونەوەی کاریگەریی رۆژئاوا لەسەر جیهان تازە نین، بەڵام چەمکی "نارۆژئاوایی" دەستبردن بوو بۆ بابەتێکی گەورە کە پۆتانسیێلی گۆڕینی سیاسەتی جیهانی لەهەناودایە.

زریان ڕۆژهەڵاتی |

یەکێك لە دیارترین باسەکانی ئەمساڵی کۆنفرانسی ئاسایش لە میونیخ، سەردەمی "ناڕۆژئاوا"یيە لە سیاسەتی جیهانیدا. هەرچەندە باسەکانی تایبەت بە کەمبوونەوەی کاریگەریی ڕۆژئاوا لەسەر جیهان تازە نین، بەڵام چەمکی "ناڕۆژئاوایی" دەستبردن بوو بۆ بابەتێکی گەورە کە پۆتانسیێلی گۆڕینی سیاسەتی جیهانی لەهەناودایە.

کورد لەکوێی جیهانی "ناڕۆژئاوایی" دایە؟ پێویستە لەم قۆناغەشدا چۆن بجووڵێتەوە؟ ئەمانە پرسیاری گرنگن، چونکە کاریگەریی ئەو گۆڕانەی کە ئێستا خەریکە ڕوودەدات، بۆ هەمووو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستانیش شۆڕدەبێتەوە.

بابەتی سەرەکیی ئەمجارەی کۆنفرانسی میونیخ کە (14-16)ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو "ناڕۆژئاواییبوون" لە سیاسەتی جیهانیدا بوو. چەمکی "ناڕۆژئاواییبوون" کە لە ڕاپۆرتەکەی وڵفگانگ شینگەر، سەرۆکی کۆنفرانسەکەدا باسکرا، دواتر لە گوتەی بەشێك لە بەرپرسانی ئەورووپیشدا ڕەنگیدایەوە. بەڵام وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەك زیادەڕۆیی ئاماژەی بۆ کرد.

لە ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵی کۆنفرانسی میونیخ ئەوە بەڕوونی دیارە کە ڕوانگەی ناڕۆژئاواییبوون نەك لە دیدێکی جوگرافی، بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی سیاسی- ئەمنی و بەپێی هەندێك پێوەری وەك:

1- پابەندبوون بە لیبراڵ- دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ.. 2- ئابووریی بازاڕ.. 3- هاوکاریی نێودەوڵەتی لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە سەیرکراوە.

جا ئەگەر بەپێی ئەو پێوەرانەی ڕۆژئاوا کە بۆ خۆیشیان جێگەی پرسیارن، تەماشای دنیای ئەمڕۆ بکەین، ناهەق نییە ئەگەر بڵێین دنیا زیاتر لە ڕۆژئاواییبوون بەرەو ناڕۆژئاواییبوون دەچێت. ڕژێم و دیدگای سیاسی، پۆپۆلیستی و نەتەوەگەرا و ناساز لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، لە ئەمریکا، چین و ڕووسیاوە بگرە هەتا ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مۆری خۆیان لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستویەك داوە.

بنەماکانی ئابووریی بازاڕ و بازرگانیی ئازاد لەڕێی جەنگە ئابوورییەکانەوە کەوتوونەتە ژێر پرسیار. هاوکاریی نێودەوڵەتی لەڕێی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە وەك جاران بڕ ناکەن و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی دنیایان نییە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی کۆنفرانسی میونیخ، لە 193 وڵاتی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان، تەنیا 129یان لە وەختی خۆیدا پارەی ئەندامبوونیان دەدەن کە ئەمەش خۆی بایەخی ئەو دامەزراوەیە کەمتر دەکاتەوە. ئێستا ئیدی لە جیاتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ چارەسەکردنی کێشەکان زیاتر پەنا بۆ پەیوەندییە دووقۆڵی و چەند قۆڵییەکان و کۆنفرانسەکان دەبردرێت.

لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە تێگەیشتنی ڕۆژئاوا لە پرسە ئەمنییەکان بەرەو گۆڕان دەچێت. ئەمریکا گەشەی تەکنۆلۆژیی چین و هۆشی زیرەك لەو وڵاتە، لە ڕووسیا بە مەترسیدارتر دەزانێت. ئەورووپا چین و ڕووسیا و ئەمریکا بە مەترسی بۆ سەر ئایندەی خۆی دەزانێت و لە خەمی داهاتووی خۆیدایە. ناتۆش کێشەی تێدایە. قەیرانی سووریا نەك لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵکوو لە ئاستانە و سۆچی، کێشەی لیبیاش نەك لە نیویۆرك، بەڵکوو لە بەرلین گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

ئێستا بە دڵنیاییەکی زیاترەوە دەتوانین بڵێین دنیا بەهێواشی و لەسەرخۆ بەرەو نەزمێکی تازە دەچێت کە لەوانەیە پێوەرەکانی، ئەوانەی ڕۆژئاوا نەبن!

**ڕەنگدانەوەی "ناڕۆژئاوایی" لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست**

زۆرێك لە دەوڵەتانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەمی قۆناغێکن کە هێزە ڕۆژئاواییەکان بەسەر سیاسەتی جیهانیدا زاڵبوون. لە کۆی 16 وڵاتی دیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە 11یاندا جۆرێك ڕژێمی سیاسی تۆتالیتەر هەن کە یان پادشایین یان کۆمارین. تەنیا پێنجیان جۆرێك دیموکراسییان تێدایە کە ئەوانیش جگە لە قوبرس و ئیسرائیل، لە پاشەکشەدان. زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە لە ریزەکانی هەرەدواوەی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادیدان. لانیکەم تا ئێستا، هەرجۆرە خواستێکی گۆڕانکاری لەم ناوچەیە بەبەرچاوی دنیا و لەژێر هەژمونی "نەزمی ڕۆژئاوایی"دا بە توندترین شێواز سەرکوتکراون، دواترین نموونەیان عێراقە کە لە ریزی دیموکراسییە گەنجەکانی ئەم ناوچەیە دادەنرێت! خۆی لە بنەڕەتدا ئەکتەرە سەرەکییەکانی جیهان زیاتر لە پێوەرە ڕۆژئاواییەکان، بەپێی هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە جوڵاونەتەوە. بەرهەمی ئەمەش زۆربوونی پەنابەران، کێشەی تیرۆر و تاوانی ڕێکخراوە کە لەسەر ڕۆژئاواش هەڕەشەن. ئێستاش کە خودی ڕۆژئاواییەکان باس لە سەردەمی ناڕۆژئاوایی لە دنیا دەکەن، لەوانەیە ورەی بەشێك لە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ سەرکوتکاریی زیاتر بەرزتر بێتەوە و داشی ڕژێمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە سوارتر بێت.

لە بنەڕەتدا ئەو پێوەرانەی کە ڕۆژئاوا باسیان دەکات، زیاتر بۆ ڕۆژئاوایە نەك هەمووو جیهان. ئەوان بە کردەوە، زیاتر لە بڵاوکردنەوەی هەمووو پێوەرە ڕۆژئاواییەکان، کاریان لەسەر ئەوانە کردووە کە دەسکەوتی ئابووری و سیاسیی خێراتریان هەیە. بێگومان بازرگانیی ئازاد لە جۆری ڕژێمە سیاسییەکان و مافەکانی مرۆڤ پڕبایەختر بووە بۆ ڕۆژئاوا. هەڵبەت دواجار ئەمانەش لەشێوەی کێشەکانی پەنابەران، تیرۆر و ڕێکخراوە تاوانکارییەکانەوە بەسەر ئەواندا شکاونەتەوە. ئەو دۆخەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و ئەو کێشانەی کە لەم ناوچەیەوە بەرەو دنیا دەچن، لە ئەنجامی چاوپۆشیکردنی ڕۆژئاوایە لەو پێوەرانەی کە خۆی بانگەشەی بۆ کردوون.

ئەو کاتەی کە ڕۆژئاوا هێزی سیاسی و سەربازیی هەبوو بۆ جێگیرکردنی پێوەرەکانی، زیاتر ڕێگای دانوستاندن و ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕژێمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە گرتەبەر و ئێستاش کە هێزەکەی لە داکشانداندایە، کارێکی ئەوتۆی پێناکرێت مەگەر جارێکی دیکە خۆی

کۆبکاتەوە!
ناڕۆژئاواییبوون بە دیوێکی دیکەشدا گوزارشت لە کەمبوونەوەی باڵادەستیی سەربازی و سیاسیی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دەکات. ئەمەش جگە لە جەنگی ناڕاستەوخۆ، ئەگەری پێکدادان و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی دەوڵەتانیشی زیاتر کردووە. لە دەریاوە تا دەریا (کەنداو ـ دەریای مێدیتەرانە)، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەتا ملی باکووری ئەم ناوچەیە، زنجیرەیەك ناکۆکی و ململانێی بەهێز لە ئارادان کە ماتەوزەی جەنگیان تێدایە. بەپێی ڕاپۆرتی کۆنفرانسەکەی میونیخ، لە ساڵی 2020دا جگە لە سووریا، ئەگەری پێکدادان لە 10 ناوچەی دیکەی جیهان هەیە کە پێنجیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقان!
ناڕوونیی سیاسەتی ڕۆژئاوا و تاڕادەیەکیش گۆڕانی ئەولەویەتەکانی، بووەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ببێتە یاریگۆڕی سەرەکی لەم ناوچەیەدا. لە کێشەی لیبیاوە بگرە هەتا سووریا، ئیسرائیل- فەلەستین، عێراق و ئێران، ڕووسیا یان یاریگۆڕی یەکەمە یان بەرەو بەهێزبوون دەچێت. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بایەخێکی زیاتریان بە ڕووسیا داوە و هەوڵیانداوە بەدوای هاوسەنگییەکدا بگەڕێن. ئیسرائیل کە یەکێك لەبەرچاوترین هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایە لەم ناوچەیە، بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ ڕووسیا هەرگیز ناتوانێ لە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی لەدژی ئێران لە سووریا بەردەوام بێت. کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی 2011 و بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا، وای لە سعودیە و وڵاتانی ناوچەکە کرد بەشێوەیەکی جدیتر بیر لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیا و چین بکەنەوە.
بە لەبەرچاوگرتنی مامەڵەی ڕاستەوخۆی مۆسکۆش لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و سیاسەتەکەی بۆ پاراستنی وەزعی مەوجود، دەتوانین بڵێین باڵادەستیی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەتوانێت لەماوەی درێژخایەندا بە زیانی گەشەکردنی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەم ناوچەیە بشکێتەوە.

**کورد و سەردەمی ناڕۆژئاوایی**

سەردەمی ناڕۆژئاوایی پرسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دووڕێیانێکدا داناوە. لەلایەك دەرفەت لەلایەکی دیکەش مەترسی لەبەردەمدایە. پاشەکشەی سەختەهێزی ڕۆژئاوایی لەم ناوچەیە، سەرەتا ڕێگەی بۆ گەلەکۆمەیەکی ناوچەیی خۆشکرد کە بەتەمای پێچانەوەی کیانی هەرێمی کوردستان بوو لە 2017. دواتر ئەمە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش ڕوویدا و بێدەنگییەکی نێودەوڵەتیش بەرامبەر سیاسەتەکانی تورکیا لەمەڕ کێشەی کورد بینرا. بەهەمانشێوە، سەری کێشەی کورد، هاوشێوەی گەلێك لە کێشەکانی دیکە لە ئێرانیش هەروا بە کپکراوی هێڵرایەوە.
کەمبوونەوەی باڵادەستیی ڕۆژئاوا لە جیهاندا دەتوانێت ڕێگا بۆ پێداویستی زیاتری ئەوان بە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەکوو کورد لەم ناوچەیە خۆش بکات، بەڵام ئەمە دیوێکی دراوەیەکە و دەتوانێت ڕێگا بۆ بەهێزبوون و هاوکاریی زیاتری دەوڵەتانی ناوچەکە خۆش بکات کە ئەوەش بە زیانی کورد دەشکێتەوە. ئێستا کورد بەشێوەیەکی درووست هەوڵی ڕاگرتنی باڵانس لە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا- ڕووسیا، ئەوروپا و وڵاتانی ناوچەکە دەدات، بەڵام لەوانەیە ئەمە هەتا سەر بەکەڵك نەبێت.
پاشەکشەی پێوەرەکانی ڕۆژئاواش دەتوانێت ڕێگا بۆ درێژبوونەوەی تەمەنی ڕژێمە نادیموکراتییەکانی ئەم ناوچەیە خۆش بکات. ئەمەش بەردەوامیی کۆچ و پەنابەریی چینی نێوەڕاستی ئەم ناوچەیە و درێژەکێشانی کێشە سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکانی لێدەکەوێتەوە. کاریگەریی گێژاوەکانی ئەم ناوچەیەش لەسەر پرسی کورد، دەتوانێت لەشێوەی بەردەوامیی ناکۆکییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کورددا بەردەوام بێت.
ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لەسەر ئەم قۆناغی ناڕۆژئاواییە گوتوویەتی، ئەگەر مشووری خۆمان نەخۆین کەسانێکی دیکە دێن و لە جیاتی ئێمە بڕیارمان بۆ دەدەن. ئەمە بۆ کوردیش وایە. دواجار لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا بنەمایەك هەیە کە هیچکەس فریای ئەویتر نەکەوێت. دەبێ هەرکەس مشووری خۆی بخوات.
ئامادەیی سیاسی و سەربازی بۆ ناڕوونییەکانی قۆناغی ناڕۆژئاوایی پڕبایەخە. ڕێگایەکی ئەمەش بە چاکسازییەکی ڕاستەقینە، دەزگامەندیی سیاسی و سەربازییدا تێپەڕ دەبێت.